# فاتیحایەک بۆ گیانی شەهیدان

**حەمەسەعید حەسەن**

ئەوە بە لای منەوە سەیر نییە کە پەرلەمانی عێراق لە حوسەینییە دەچێت، ئەوەم پێ سەیرە پەرلەمانتارە شیعەکان، بێ قەمە و زنجیر دێنە هۆڵی پەرلەمانەوە و هێشتا هیچ کامیان لە گەرمەی مشتومڕدا دەربارەی کێشە چارەنووسسازەکان، خۆی خەڵتانی خوێن نەکردووە. پەرلەمانتارانی کوردستانیش خەریکە شوێنپێی شیعەکان هەڵدەگرن، ئەوە نەبوو ٢٠٠٥/٨/٦ بە دەم دەقیقەیەک ڕاوەستانەوە بۆ ڕێزلێنان لە گیانی خۆبەختکردووان، فاتیحایان دەخوێند!

ڕەوانەکردنی فاتیحا لە هۆڵی پەرلەماندا، بۆ گیانی ئەوانەی لە پێناوی کورد و کوردستاندا ژیانیان بەخشیوە، هاوزەمان سووکایەتیکردنە بە خەباتی ئەو خۆبەختکردووانە و بە پەرلەمانیش. فاتیحا بۆ گیانی موسڵمانێک ڕەوانە دەکرێت کە لە غەزادا، یان بە نەخۆشی و ڕووداوی دڵتەزێن، ژیانی لە دەست دابێت، نەک بۆ کوردێک کە لە پێناوی ئازادیی وڵاتەکەیدا گیانی بەخشیبێت.

کە خەڵکی کورد بە چاوی ڕێزەوە سەرنجی بارزانی دەدەن، ئەوە زادەی خەبات و قوربانیدانی ئەو زاتەیە لە پێناوی کورد و کوردستاندا، نەک لە سۆنگەی ئەوەوە کە زانایەکی ئایینی بووە. شێخ سەعیدی پیران، شێخ مەحموودی حەفید و قازی محەممەد، بۆیە بەڕێزن، چونکە (کوردایەتی)یان کردووە، ئەگەر سەرقاڵی (ئیسلامەتی) بوونایە، هەنووکە لە کوولەکەی تەرێشدا ناویان نەدەهات.

چەند ساڵێک بەر لە ئێستا ئێوارەیەکیان لە ڕێی کەی تیڤییەوە (مەسعوود بارزانی)م بینی، دەستی دایکی شەهیدێکی ماچ دەکرد. ئەو چونکە لە بواری نمایشکردندا، پیاوێکی دەست و پێ سپییە، هیچ گومانم لەوە نەبوو، ئەو هەڵوێستەی هەڵقوڵاوی ویژدانی بوو. هەمووومان قەرزداری شەهیدانین، ئەو دەیویست بە ماچکردنی دەستی دایکی شەهیدێک، هەم تۆزێک لەو قەرزە بداتەوە و هەم نەختێک ویژدانیشی ئاسوودە بکات. من نازانم ئەو پێوەندییە چییە کە گیانی شەهیدێکی کورد بە فاتیحاوە دەبەستێتەوە، وەلێ دەزانم ڕێزلێنان لە دایکی شەهید، ڕێزلێنانە لە خودی شەهید.

هەبوونی پەرلەمان، ئەگەر پەرلەمانێکی ساختەی لە بابەتی (شوورا) نەبێت، زەقترین نیشانەی هەبوونی دیموکراتییە. چونکە ئیسلام و دیموکراتی یەکدی ڕەت دەکەنەوە، بۆیە شتێکی سەیر و نەگونجاوە، پەرلەمان بە خوێندنی چەند ئایەتێک لە قورئان دەستپێ بکات، ئاخر بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، هیچ بەڵگەنامەیەکی دیکە، هێندەی ئەو کتێبە پیرۆزە، دژ بە ژیانی دیموکراتی نەبووە.

کورد دژی ئەوەیە ناسنامەی عێراق ئیسلامی بێت، دژی ئەوەیە ئایینی فەرمی دەوڵەت ئیسلام بێت، دژی ئەوەیە، شەریعەت سەرەکیترین سەرچاوەی دارشتنی دەستوور بێت، دژی ئەوەیە، دەستوور لەگەڵ بنەڕەتە نەگۆڕەکانی ئیسلامدا تەبا بێت، دژی ئەوەیە، یاسای باری کەسی لەبەر ڕۆشنایی قورئاندا بنووسرێت، کەچی پەرلەمانی کوردستان بە خوێندنەوەی قورئان دەستپێ دەکات، کەچی پەرلەمانتاران سوێند بە قورئان دەخۆن و فاتیحا بۆ گیانی شەهیدان ڕەوانە دەکەن!

به ڕاست مەلایان چیبیان بۆ کورد کردووە، وا سەرۆکی کوردستان هێندە زوو زوو کۆیان دەکاتەوە، پرسیان پێ دەکات، بیروڕایان لەگەڵدا دەگۆڕێتەوە و زیاد لە پێویست ڕێزیان لێ دەگرێت؟ مەلای کورد بە درێژایی تەمەنی یان باسی عەزابی قەبری بۆ کردووین، یان ئەو چیرۆکانەی بۆ هەزارباره کردووینەوە کە قورئان دەیانگێڕێتەوە! ئاخر ئەو چیرۆکە سەیر و سەمەرانە، کە ڕووداوگەلێک دەگێڕنەوە، هەزاران ساڵ پێش سەرهەڵدانی قورئان ڕوویان داوە، چ پێوەندییەکیان بە ژیانی هەنووکەی خەڵکی کوردەوە هەیە؟ ئاخر لە سزای چ تاوانێکدا، خەیاڵی تاکی کورد بە چیرۆکانە بشێوێنرێت؟

مەلای کورد وا فێر بووە، هەمیشە بدوێت، هەرگیز ئامادە نەبووە گوێ بگرێت و هەر کە ڕستەیەکی نووسەرێکی بە دڵ نەبووبێت، دەستوبرد سکاڵای خۆی بردووەتە لای دەسەڵاتداران و خاوەندەسەڵاتی کوردیش وەک سەرۆکی سەندیکای مەلایان بێت، هەمیشە لایەنی مەلای گرتووە. مەلا لە سایەی دەسەڵاتی کوردیدا زوو زوو دەنگی ناڕەزایی بڵند دەکاتەوە، کەچی سەروەختی بەعس، کە کۆقەبر، فەیلی و بارزانییەکانی قووت دەدا، کە کورد بە زەبری ئەنفال و بای مەرگ قەلاچۆ دەکرا، کە لەبەر ڕۆشنایی دەقی قورئاندا،(*) هەزاران کیژی پاکیزەی کورد ئەتک دەکران، تاقە مەلایەکی کورد فززەی نەدەکرد.

دەسەڵاتی کوردی تا لە بەردەم مەلادا پاشەکشێ بکات، مەلا لەسەر هێرش و پەلامار سوورتر دەبێت. با دەسەڵاتی کوردی بۆ ڕێزلێنان لە جەژنی قوربان،(هەولێر ١/٢/٤‏٢٠٠) خوێنی چاکترین کادیرانی خۆیشی بە فیڕۆ بدات، مەلا قوربانیی زێتری دەوێت. با دەسەڵاتداری کورد، لە عەرشی مەلادا بە چۆکیشدا بێت، مەلا هەر ئەوی پێ عەلمانییە و هەر بە کافری دەزانێت. وەختی ڕێنیسانس هاتووە، وەختی ڕابوون بە ڕووی مەلادا هاتووە، وەختی ئەوە هاتووە، ئیدی تاکی کورد بوار نەدات مەلا دەست لە ژیانی وەربدات. وەختی ئەوە هاتووە، مەلا وەک شتێکی ئەنتیکە، بخرێتە مۆزەخانەوە.

2005. 08. 19

* (أو ما ملكت ايمانكم، سوورەتی ژن، ئایەتی٣)(هەموو ئەو ژنانەی سەروەختی غەزا بە دیل دەیانگرن، موڵکی خۆتانن و مافی ڕەوای خۆتانە، لەگەڵیاندا جووت بن، بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات بە شێوەیەکی یەکسان سەیریان بکەن.)